Bingöl Üniversitesi Yaşayan Diller Enstitüsü Dergisi
Yıl: 4, Cilt: 4, Sayı: 8, 2018/2, ss. 85-112

# شێوازی شیعرە کوردییەکانی تاهیر بەگی جاف

پ. ی. د. یادگار ڕەسوول* / م. ی. کوردستان عەبدولوەهاب**

پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(شێوازی شیعرە کوردییەکانی تاهیر بەگی جاف)، هەولێکە بۆ دەستنیشان کردن و خستنەڕووی ئەو تایبەتمەندییە شێوازیانەی کە لە شیعرەکانی تاهیر بەگی جافدا بەدی دەکرێن، هەروەها بە هۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە شیعرەکانی لە شیعری شاعیرانی تر جیا دەکرێتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دەروازەیەک و دوو بەش پێکهاتووە، لە دەروازەکەدا هەوڵ دراوە زاراوە و چەمک و جۆرەکانی شێواز ڕوون بکرێنەوە. لە بەشی یەکەمیشدا لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شاعیر لە ئاستی زمان کۆڵدراوەتەوە. بەشی دووەمیش تایبەتکراوە بە لێکۆلینەوە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شاعیر لە ئاستی ئەدەب و هزردا. لە کۆتاییشدا دەرئەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خالێک خراونەتەڕوو.

وشە کلیلیەکان: شێواز، مۆسیقا، کێش، سەروا، ڕەگەزدۆزی، ئەدەب و شێواز، هزر و شێواز.

## پێشەکی

### ناونیشانی توێژینەوەکە

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (شێوازی شیعرە کوردییەکانی تاهیر بەگی جاف)، هەولێکە بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی شێوازی شاعیر، بە واتا

* زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب، yadgar.ameen@soran.edu.iq

** کۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب

هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە شێوازیانەی کە شیعرەکانی تاهیر بەگی پێ لە شیعری شاعیرەکانی تر جیا دەکرێتەوە.

سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە

سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە تەنیا لە شیعرە کوردییەکانی شاعیردایە و شیعرە فارسییەکانی شاعیر وەرنەگیراون.نموونەی شیعرەکانیش لەو دیوانەی شاعیر وەرگیراون کە (حەسەن گۆران) کۆی کردۆتەوە و ئامادەی کردووە.

ڕێبازی توێژینەوەکە

ڕێبازی توێژینەوەکە بریتییە لە (وەسفی ـ شیکاری)، لە هەندێ شوێنیشدا سوود لە ڕێبازی ئاماری وەرگیراوە.

گرنگیی توێژینەوەکە

گرنگیی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە بەدەردەکەوێت:

١ـ دەرخستنی تایبەتمەندییە شێوازییەکانی شاعیرە، کە دواجار دەبێتە ناسنامەیەک بۆ شاعیر و لە ڕێگەیەوە شیعرەکانی پێ لە شیعری شاعیرەکانی تر جیادەکرێتەوە.

٢ـ ئەم توێژینەوەیە لە پاڵ هەموو ئەو توێژینەوانەی تر کە لە بارەی شێوازی شیعری کلاسیکی کوردی و شاعیرانی کلاسیکی کوردی ئەنجامدراون، دەبێتە دەرخەر و نیشاندەری شیوازی شیعری کلاسیکی کوردی.

ناوەرۆکی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە دەروازەیەک و دوو بەش پێکهاتووە، لە دەروازەکەدا هەوڵدراوە بە گشتی شیواز بناسێندرێت، بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا باس لە (زاراوە و چەمکی شێواز) کراوە، دواتر باس لە هەریەکە لە بابەتەکانی (ڕەهەندە سەرەکییەکانی شێواز و جۆرەکانی شێواز) کراوە.

لە بەشی یەکەمیشدا لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شاعیر لە ئاستی زمان کۆڵدراوەتەوە. بەشی دووەمیش تایبەتکراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی شاعیر لە ئاستی ئەدەب و هزردا. لە کۆتاییشدا دەرەنجامی توێژینەوەکە بە چەند خاڵێک خراونەتە ڕوو.

## دەروازە: چەمک و جۆرەکانی شێواز

### شێواز لە ڕووی زاراوە و چەمکەوە

زاراوەی شێواز وەکو زۆربەی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانی تری بواری ئەدەبیات لە ئەدەبی کوردیدا زاراوەیەکی نوێیە، کە لە زاراوەی (style) ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا (الاسلوب) ی پێ دەگوترێت، لە زمانی فارسی دا بەرامبەر بەم زاراوەیە زاراوەی (سبک) بەکاردێت. بنچینە و ڕەگوڕیشەی زاراوەی (style) لە زاراوەی (stilus) ی لاتینی وەرگیراوە، کە بە واتای ئەو جۆرە ئامێرەیە، کە بۆ نووسین وهەڵکەندن لە سەر تەختەی مۆم بەکارهاتووە. دواتریش ئەم زاراوەیە بۆ شێوازی وتار لە دواندەریدا بەکارهاتووە و لە کۆتاییدا بە واتای شێوازی پەیڤی ئەدەبی خزاوەتە ناو ئەدەب.[١]

دەستنیشانکردنی چەمک و پێناسەیەکی گشتگیر و چەسپاو بۆ شێواز کارێکی ئەستەمە، چونکە زاراوەی شێواز زاراوەیەکی فرە مانایە و شێواز ڕۆڵێ گرنگی هەیە لە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ و پەیوەستە پێیانەوە، بەڵام لێرەدا ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئاماژەکردن و جەخت کردنەوەیە لەسەر شێوازی ئەدەبی (شێواز لە چوارچێوەی ئەدەبیات دا). بە شێوەیەکی گشتی شێواز لە چوارچێوەی ئەدەبیاتدا پەیوەستە بە زانستی ڕەوانبێژی و زمان و ڕەخنە، هەربۆیە ڕاوبۆچوون و پێناسەی جۆراوجۆر و جیاوازی بۆ کراوە، چونکە هەریەکە لە لێکۆڵەرانی بوارەکانی (ڕەوانبێژی و زمان و ڕەخنە) لە ڕوانگەی خۆیانەوە دید و بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە شێواز دەربڕیوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرەنج و ئاماژە پێکردنە ئەو خاڵە هاوبەشەیە، کە لە چوارچێوەی هەموو ئەو دید و بۆچوونە جیاوازانە بەدی دەکرێت. ئەویش ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی هەموو ئەو ڕاوبۆچوونە جیاوازانە لەوەدا کورت دەبنەوە، کە شێواز بە گشتی لە چوارچێوەی سێ تەوەری (نووسەر و دەق و خوێنەر) دا دەخولێتەوە و لە چوارچێوەی ئەم سێ جەمسەرە تێناپەرێت. بەو مانایەی کە هەریەکەیان شێواز لە شتێکدا دەبیننەوە. بۆ نموونە هەندێکیان لە پەیوەندیی دەروونی نێوان (نووسەر و دەق) دا، هەندێکیان لە خودی دەقەکەدا، هەندێکیان لە کاردانەوەی خوێنەر و وەرگری پەیامی دەقەکەدا[٢].

### ڕەهەندە سەرەکییەکانی شێواز

بە گشتی سێ ڕەهەندی سەرەکی لە پێکهاتەی شێوازدا بەدی دەکرێن، کە

---

[١] علم الاسلوب مبادئه و اجراءاته، د.صلاح فضل، ط/ الاولی، دار الافاق الجدید، بیروت، ١٩٨٥، ص٨٢.

[٢] شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨. ل ٢٢.

بنەمای سەرەکی سەرچاوەگرتنی شێوازن. هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە هەموو ئەو پێناسە و ڕاوبۆچوونانەی کە سەبارەت بە شێواز خراونەتەڕوو،دەبینین کە لە ڕوانگەی یەکێک لەو سێ ڕەهەندەوە بەرجەستە کراون. کە ئەوانیش بریتین لە:

١. بینینی تایبەت

مەبەست لەم بنەمایە ئەوەیە کە هەر شاعیر و نووسەرێک جیهانبینییێکی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ جیهان و دەورووبەری و لە ڕوانگەی دید و بۆچوونی تایبەتیی خۆیەوە بۆی دەڕوانێت. هەربۆیەشە دیدی هەریەکەیان بۆ هەمان دیاردە جیاوازە. هەریەکە لەو دیدە جیاواز و تایبەتانەش دەبنە شێوازی جیاواز و تایبەت بۆخاوەنەکانیان، کەواتە دید و بۆچوونی جیاواز بەرهەمهێنەری شێوازی جیاوازن، چونکە دید و بۆچوونی جیاواز بیرۆکە و دەربڕینی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە.

٢. هەڵبژاردن

هەڵبژاردن یەکێکە لەو بنەما سەرەکییانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرهەمهێنانی شێوازدا. بە جۆرێک دەتوانین بڵێین شێواز هەڵبژاردنە، چونکە هەڵبژاردنی نیشانە و کەرەستە زمانییەکانی دیاریکراوە بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو. ئەم هەڵبژاردنە لە نێوان ئەو کەرەستە و نیشانانەدا دەبێت کە جێگیر و ئەلتەرناتیڤی یەکترن. واتا دوو وشە لە زمانێکدا کە هاوواتان و یەک واتایان هەیە، بەڵام لە بنیاد و پێکهاتەدا جیاوازن، جیاوازی شێوازیان هەیە و دەبنە هۆی دروستبوونی شێوازی جیاواز. بەم پێیەش بێت توانا و کەرەستەکانی زمان لەبەر دەستی هەموو کەسێکە و هەموو کەسێک دەتوانێت بەپێی پێویستی دەربڕینی خۆی سوود لەو کەرەستانە وەربگریت و هەڵیان بژێریت. ئەم هەڵبژاردنەش دەبێتە هۆی جیاوازیی شێواز[٣].

٣. لادان لەباو

بەشێوەیەکی گشتی زمانی ئەدەبیات و شیعر زمانێکی خوازەیی و دوورە لە زمانی ئاسایی و باو، زمانێکە کە یاساکانی زمان تێکدەشکێنێ تو لە چوارچێوە ئاساییەکەی زمان دەردەچێت بۆئەوەی بەهایەکی ئیستاتیکی و زمانەوانی بە بەرهەمەکە ببەخشێت. لە ئەنجامیشدا شێوازی تایبەت بۆ بەرهەم و دەقەکە فەراهەم بکات. بەم پێیەش شێواز دەرئەنجامی لادان و دەرچوونە لە یاسا و ڕێسا ئاساییەکانی زمان.

جۆرەکانی شێواز

٣ كليات سبك شناسى، سيروس شميسا، چاپ ٤، انتشارات فردوس،تهران، ١٣٧٥، ص١٨ ـ ٢٩.

هەرچەندە ناتوانرێت پێناسەیەکی گشتگیر و چەسپاو بۆ شێواز بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێت لە ڕوانگە و بۆچوونی جیاوازەوە  بە پێی چەند پێوەرێکی جیاواز چەند جۆرە دابەشکردن وپۆلێنکردنێک بۆ شێواز ئەنجامبدرێت، کە لە خوارەوەدا ئاماژە بە هەندێک لەو دابەشکردنانە دەکەین[٤]:

- بە پێی ناوی ئەو کەسانەی کە شێوازێکی تایبەتیان هەبووە. ڕەوتێکی نوێیان لە بواری ئەدەبیاتدا هێناوەتەکایەوە و بوونەتە ڕێچکە و ئاراستەیەک کە نووسەرانی دوای ئەوانیش پەیڕەوی شێوازی ئەویانکردووە لە نووسینی بەرهەمەکانیان. ئەمجۆرە شێوازە شێوازی تاکەکەسی پێ‌دەگۆترێت.

- بە پێی تێگەیشتنی بابەت.  بێ گومان هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی لەڕووی تێگەیشتن و وەرگرتنەوە لە لای وەرگر لەیەک ئاستدا نین و لە ئاستی جیاوازدان. بە پێی ئەم پێوەرە دەتوانرێت دوو جۆرە شێواز دەستنیشان بکرێن. شێوازی ئاڵۆز و داخراو،شێوازی ئاسان و ڕەوان.

-بە پێی جۆری زمان. بە پێی ئەو پێوەرە چەند جۆرە شێوازێک دەستنیشانکراون. بۆ نموونە شێوازی شاعیرانە، شێوازی زانستی، شێوازی ڕۆژنامەوانی.

- بە پێی بابەت یاخود ناوەرۆکەوە. بەرهەمی ئەدەبی ناوەرۆکی جۆراوجۆر و جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە دەتوانرێت بکرێتە پێوەرێک بۆ دابەشکردن و پۆلێنکردنی شێواز. دەتوانین بە پێی ئەم پێوەرە چەندین جۆرە شێواز دەستنیشان بکەین. بۆ نموونە: شێوازی ئایینی،شێوازی سیاسی،شێوازی سۆفییانە... هتد.

بەڵام لە هەموو ئەو دابەشکردن و پۆلێن کردنانە گرنگتر و باوتر دابەشکردن و پۆلێنکردنی شێوازە بەپێی پێوەری (تاکەکەس و سەردەم)، واتا شێوازی تاکەکەسی وشێوازی سەردەم (قۆناغ).

مەبەست لە شێوزای تاکەکەس خوێندنەوەی شێوزای ئەو شاعیر و نووسەرانەیە، کە لە سەردەمە دیاریکراوەکاندا خاوەنی زمان و ئەدەبی تایبەت بە خۆیانن ((لە میانەی توێژینەوە لە بەرهەمەکانی هەر قۆناغێکدا تووشی شاعیر یان نووسەرێک دەبین کە بەرهەمەکانی بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمی هاوسەردەمەکانی خۆی جیاوازی تیادا بەدی دەکرێت. لەم جۆرە بەرهەمانەدا و ڕای دیاردە و تایبەتمەندییە گشتییەکانی هاوبەشی هزری و زمانی و ئەدەبی قۆناغ، هەندێ تایبەتمەندی دیکە بەرچاو دەکەون،کە تایبەتن بە شاعیر یا ننووسەرێکی تایبەت، بۆیە دەوترێت ئەم شاعیرانە شێوازێکی تاکەکەسیان هەیە))[٥]. ئەم قۆناغە لە زانستی شێوازناسیدا

٤ سبك شناسی شیعر، سیروس شمیسا، چاپ ٩، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨٢، ص ١٢ ـ ١٣.
٥ شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، ل ٢٩.

قۆناغێکی ئاڵۆز و زەحمەتە، ئەو شێوازناسانەی لەو قۆناغەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن زۆر کەمن، بەڵام هەرچی شێوازی سەردەمە خوێندنەوەی شێوازە بە پێی سەردەم و قۆناغێکی دیاریکراوی ئەدەبی، چونکە بەرهەمی هەر سەردەمێکی دیاریکراو بەهۆی کۆمەڵێک هۆکارەوە لە ڕووی خاسیەت و تایبەتمەندییەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی جیاوازە لە بەرهەمی سەردەمەکانی پێش خۆی و پاش خۆی. هەربۆیە کاتێک لە بەرهەمی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو لە مێژووی ئەدەبیاتی نەتەوەیەکی دیاریکراودا وردبینەوە، دەبینین لە ڕووی ناوەرۆک و ڕوخسار و گشت پێکهاتەکانییەوە هەست بە هەبوونی لایەنی هاوبەش لە نێوان بەرهەمەکاندا دەکرێت. ئەم لایەنە هاوبەشانە هەمان دیاردە و خاسیەتی تایبەتی ئەو قۆناغانەن، کە نیشاندەری شێوازی قۆناغەکەن. کاتێک ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییانە دەگۆڕێن و تایبەتمەندی و خاسیەتی تر جێگەیان دەگرێتەوە. قۆناغێکی نوێ سەرهەڵدەدات[٦]. هەر لەو ڕوانگەیەوەیە لە ڕووی شێواز لە یەکتر جیاواز دەبن. ئەم جۆرە خوێندنەوە و پۆلێنکردنی شێواز زیاتر لە سەر بنەمای زانیاریی مێژووی ئەدەب و تا ڕادەیەک زمانەوانی ئەنجامدەدرێت.

بەشی یەکەم: شێوازی تاهیربەگی جاف* لە ئاستی زماندا

تایبەتمەندییەکانی شێواز لە ئاستی زماندا لە سێ تەوەری سەرەکی پێکدێت، کە بریتین لە (ئاستی دەنگ، ئاستی وشە، ئاستی ڕستە). ئەم سێ ئاستە بە شێوەیەکی گشتی لە دەقی شیعریدا مۆسیقای شیعری پێکدەهێنن. لە شیعرەکانی شاعیردا تیشک دەخەینە سەر تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای شیعری شاعیر،بۆ دەرخستن و دەستنیشانکردنی ئەو تایبەتمەندییە شێوازییانە یکە لە ئاستیزمان لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن. مۆسیقای شیعری دابەشی سەر هەردوو جۆرە مۆسیقای (دەرەوە و ناوەوە) دەبێت.

- تایبەتمەندییەکانی شێواز لە ئاستی مۆسیقای دەرەوەدا

- کێش و سەروا

- تایبەتمەندییەکانی کێشی شیعری تاهیر بەگی جاف

شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا هەردوو کێشی خۆماڵی و عەرووزی بەکارهێناوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی بەکارهێنانی کێشی عەرووزی زیاترە لە ڕێژەی کێشی خۆماڵی، بە جۆرێک کە لە کۆی (٣١) شیعردا(٢٧) شیعری لە سەر کێشی عەرووزی و (٥) شیعری لە سەر کێشی خۆماڵی داناوە. لەو (٢٦) شیعرەی کە لە سەر کێشی عەرووزی دانراون، تەنیا سێ بەحری (هەزەج و

٦ . كليات سبك شناسی، سیروس شمیسا، ص٧٠.

ڕەمەل و موزاریع)ی بەکارهێناوە. لە چوارچێوەی ئەو سێ کێشەدا (هەزەج) بە پلەی یەکەم هاتووە، کە ژمارەی ئەو شیعرانەی بەو کێشە هۆنراونەتەوە (١٧) شیعرن، هەروەها کێشی (ڕەمەل) بە پلەی دووەم دێت، کە (٨) شیعر لە سەر ئەم کێشەن،کێشی (موزاریع) بە پلەی سێیەم دێت کە تەنیا (١) شیعر لەخۆ دەگرێت.

بە پلەی یەکەم هاتنی کێشی هەزەج لەلای شاعیر جگە لە گونجانەکەی لەگەڵ تایبەتمەندییە دەنگییەکانی زمانی کوردی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کێشێکی سووک و خێرایە لە کاتی خوێندنەوەدا پچڕان و وەستان کەمتر تێیدا بەدی دەکرێت. ئاواز و مۆسیقای خۆش بە دەقەکان دەبەخشێت. نەک تەنانەت لەلای شاعیر بەڵکو لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەلای زۆربەی شاعیران بە پلەی یەکەم بەکارهاتووە[٧].بەمەش دەتوانین بڵێین بەکارهێنانی کێشی هەزەج بەو پلەیە لەلای شاعیرانی کورد دیاردەیەکی شێوازییە. بەکارهێنانی کێشی ڕەمەل بە پلەی دووەم تایبەتمەندییەکی تری شێوازی کێشە لای شاعیر و مۆسیقایەکی زۆر جوانی بە دەقە شیعرییەکان بەخشیوە. تا ڕادەیەک کە هەندێک لەو شیعرانە کراون بە گۆرانی، چونکە یەکێ لە خۆشترین ئاوازی کێشەکانی عەرووز کێشی ڕەمەلە. بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی بەکارهێنانی کێش لای تاهیربەگی جاف لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت[٨].

| ژمارە | کێش | | قاڵبەکێش | ژمارەی شیعرەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەزەج | | | ١٧ | ٦٥,٣٨٤% |
| | | أ | هەزەجی هەشتیی تەواو | ٧ | ٤١,١٧٦% |
| | | ب | هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف | ٦ | ٣٥,٢٩٤% |

7* تاهیر بەگی جاف کوری وەسمان پاشای کوری موحەمەدە پاشای کوری کەیخوسرەو بەگی کوری سلێمان بەگی کوری قادربەگی کوری زاهیربەگی یار ئەحمەد بەگی جافە کە لە عەشیرەتی جافن، لە سالی ١٨٧٥ ی زایینی لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە دایک بووە، لە سالی ١٩١٧ی زایینی بە هۆی نەخۆشییەوە کۆچی دایی کردووە.

.شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، ل٩٣.

٨ ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، چاپ/ یەکەم، چاپخانەی/ دێکان،سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٧٥.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ج | هەزەجی شەشیی مەقسوور | ٣ | ١٧,٦٤٧% |
| | | د | هەزەجی هەشتیی موسەببەغ | ١ | ٥,٨٨٢% |
| ٢ | ڕەمەل | | | ٨ | ٣٠,٧٦٩% |
| | | أ | ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف | ٧ | ٨٧,٥% |
| | | ب | ڕەمەلی هەشتیی مەقسوور | ١ | ١٢,٥% |
| ٣ | موزاریع | | | ١ | ٣,٨٤٦% |
| | | - | موزاریعی هەشتیی ئەخرەب | ١ | ١٠٠% |
| | | | ٧ | ٢٦ | |

- تایبەتمەندیی سەروای شیعری تاهیربەگی جاف

مامەڵە کردنی شاعیر لەگەڵ سەروای شیعرەکان مامەڵەیەکی تایبەتە، چونکە لە (٣١) شیعردا تەنها سێ شیعری بە مەسنەوی هۆنیوەتەوە، ئەگەرنا لە سەرجەم شیعرەکانی تری پەیڕەوی یەکێتیی سەروای کردووە، کە قاڵبە سەروایەکی باوی شیعری کۆنە و سەرتاپای شیعرەکە بە یەکەوە دەبەستێتەوە مۆسیقایەکی جوانی پێ دەبەخشێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا و دەسەڵات و سەلیقەی شاعیر. دەکرێت ئەم ڕێژە بەکارهێنانەی یەکێتیی سەروا لە لایەن شاعیرەوە بە دیاردەیەکی شێوازی تایبەت بە شاعیر لە قەڵەم بدەین. نموونە شیعری هەردوو جۆرە سەروایەکە:

أیەکێتیی سەروا، قاڵبەکەی(AA,BA,CA,DA,EA,FA,...)

قوربانی ڕوخت بم کەشکستی بە قەمەردا
حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بەشەکەردا
هەر لەحزە ئەدەی وەعدەیی وەسڵ ونیە ئەسڵی
کارت وەکو دونیایە هەر ئەمرۆیە بە فەردا
مەقسوودی لە سەر کوشتنی عوششاقی زەعیفە
وەختێ کە دەکا خەنجەری تیژی بە کەمەردا (دیوانی شاعیر: ل٣٤)

ب - مەسنەوی، قاڵبەکەی(AA, BB, CC, DD,...)

شەهەنشای مەئوای ڕوح و دیدە و هۆش

حوکم دارولمولک دڵەی پڕ نەجۆش

دەلیلە یرە مەی ئاهو و ڕەفتاران

سەر دەستەی گرۆی نازک نازداران

گوڵبۆی گوڵڕوخسارگوڵ بەرگ ئەندامە

گوڵ خونچە لەبان گوڵین ژێر جامە (دیوانی شاعیر: ل٤٥)

- ڕەدیف لە شیعری شاعیردا

پاش سەروا (ڕەدیف) ڕۆڵێکی گرنگی لە بونیاتنانی مۆسیقای دەرەوەی شیعردا هەیە و یارمەتیدەری سەروایە، مەبەست لێی (( ئەو وشە یان دەستەواژە یان ڕستەیە، کە لە دوای وشەی سەروا لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعر بە هەمان مانا دووبارە دەبێتەوە))[٩]. ئەم دووبارەبوونەوەیە مەبەستدارە. هەرچەندە ڕێژەی بەکارهێنانی ڕەدیف لای شاعیر زۆر کەمە، لە چوارچێوەی (٣١) شیعردا ئەم دیاردەیە تەنیا لە (٧) شیعریدا بەدی دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر لە کۆی ئەو (٧) شیعرە وشەی (وەرە) ی کردۆتە پاش سەروا بۆ (٣) لە شیعرەکانی، ئەم دێرە شیعرانەی خوارەوە نموونەی ئەو دووبارە بوونەوەن:

دڵ نەخۆشی دەردی هیجرەجانی جانانم وەرە

لەت لەتە جەرگ و هەناوم ماهی تابانم وەرە

عیللەتی دەرد و شەفا کەم وا بە لێوی شەککەرت

مایەیی ژین و حەیاتم دەرد و دەرمانم وەرە (دیوانی شاعیر: ل٦٤)

دڵ لە هیجرت وا لە خەمدا ماهی کەنعانم وەرە

زەخمە جەرگم بۆ فیراقت زووبە لوقمانم وەرە

سەد تەبیب هات و عەلاجی ئەم برینانەی نەکرد

تۆعەلاجی زەخمەکەم کە سا بە ئامانم وەرە (دیوانی شاعیر: ل٦٦)

مەمکوژە جانا بە هیجران ئەی جەفاکارم وەرە

تابوتاقەت چوو بە جارێ یاری خەمخوارم وەرە

بۆچ ئەوەندە ئارەزووت بۆ قەتلی ئەم بێچارەزار

کوشتنی ئاشق دریغ مەفەرمو سەردارم وەرە (دیوانی شاعیر: ل٧٠)

٩ . سەروا، عەزیز گەردی، ل٢٧٤.

ـ تایبەتمەندییەکانی شێواز لە ئاستی مۆسیقای ناوەوەدا

هەریەکە لە شاعیران بە هۆی کۆمەڵێک هونەری شیعرییەوە مۆسیقای ناوەوەی شیعر بونیات دەنێن. لێرەدا ئاماژە بەو هونەرە شیعرییانە دەکەین، کە شاعیر لە بونیاتنانی مۆسیقای ناوەوە لە شیعرەکانیدا سوودی لێ وەرگرتووە.

ـ دووبارەکردنەوە

زۆربەی ئەو بنەمایانەی بەشداری لە دروستبوونی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی پشت بە بنەمای دووبارە کردنەوە دەبەستن. دووبارەکردنەوە لە بچووکترین کەرستە کە (دەنگ)ە دەست پێدەکات بۆ گەورەترین کەرستە کە (ڕستە)یە. لێرەدا ئاماژە بە تایبەتمەندیی ئەو دووبارەبوونەوانە دەکەین لە شیعرەکانی شاعیردا. شاعیر ئەو دیاردەیەی لە خزمەتی لایەنی مۆسیقی شیعرەکانیدا زۆر بەکار هێناوە، بە جۆرێک کە دەتوانین بە ئاسانی لە شیعرەکانیدا هەستی پێبکەین.

دووبارەبوونەوەی دەنگ کە هەردوو جۆرە دووبارەبوونەوەی هاونەبزوێنی و هاوبزوێنی لەخۆ دەگرێت، بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگیدواتەوە و ڕۆڵی گرنگیان لە بونیاتنانی مۆسیقای دەقە شیعرییەکاندا بینیوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێن زیاترە لە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێن. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ شێوازی شاعیر لە بەکارهێنانی کێشی شیعری، چونکە بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە سەر کێشی هەزەجە، دوای ئەویش ڕەمەل بە پلەی دووەم دێت. ((ئەم دوو کێشە بە هۆی لە باربوونیان بۆ بەکارهێنانی بەردەوامی بزوێنی درێژ، لەسەر خۆترن لە کێشی ڕەجەز و سەریع))[10].لە چوارچێوەی دەنگە بزوێنە دووبارە بووەکانیشدا ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دەنگی بزوێنی (ە) لە هەموویان زیاترە. وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا کەڕێژەی دووبارەبوونەوەیان (٢٠) جارە:

دڵبەرەی قەد عەر عەرەی بێ ڕەحمەکەی بەدبەختەکەم

دڵڕفێنەی شۆخەکەی بێ عەهد و پەیمانم وەرە (دیوانی شاعیر: ل٦٤)

لەو سوورەتە مەە پەیکەرە لەو سەروە ڕەوانە

لەو زولفە سیا مارە کە ئەو گەنجە دەکا پاس (دیوانی شاعیر: ل٤٣)

١٠ . شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، ل ١١٣.

لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکاندا دووبارەبوونەوەی بزوێنی درێژ ڕێگە لە خیرایی خوێندنەوە دەگرێت. ئەم نموونە شیعرییانەی خوارەوە نموونەی ئەو جۆرە خوێندنەوانەن:

جارێ ناپرسی لە حاڵی من مەگەر نازانی تۆ

زار و بێزار و نەزارەم کاری من هەرزاریە (دیوانی شاعیر: ل٧٢)

لەم دێرەدا (١٠) جار دووبارەبوونەی دەنگی بزوێنی درێژی (ا) بووەتە بەربەستێک لە بەردەم خێرایی ڕیتمی شیعرەکە. هەروەها نموونەیەکیتر بۆ ئەم دیاردەیە دێرە شیعرەکەی خوارەوەیە، کە (١٤) دەنگی (ی)ی تێدایە، بزوێن یدرێژی (ی) (١٠) جار و نەبزوێنی (ی) (٤) جار. هەروەها بزوێنی کورتی (ە) (١٢) جار دووبارەبووەتەوە:

بە خەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین

بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین (دیوانی شاعیر: ل٥٨)

لەلای شاعیر هەندێکجار دەنگی بزوێنی کورت بە شێوەیەکی سەرەنجڕاکێش لەگەڵ دەنگە نەبزوێنەکان کۆ دەبێتەوە و پێکەوە ڕۆڵ لە پێکهێنانی ڕیتمی مۆسیقای شیعردا دەبینن. هەروەک لەم نمونەیەدا بەدەردەکەوێت:

گەنجوور و نگەهبانی دەهان ودەمی تەنگە

تابووری موژانت لەگەڵ ئەگریجە بەرابەر (دیوانی شاعیر: ل٧٧)

(12) جار دووبارەبوونەوەی بزوێنی کورتی (ە) لەگەڵ (٦) جار دووبارەبوونەوەی دەنگی نەبزوێنی (ن) و (٥) جار دەنگی نەبزوێنی (گ) و (٥) جار دەنگی نەبزوێنی (ر) دا ڕیتمی ئەم دێرە شیعرییەیان پێکهێناوە.

- دیاردەی قرتاندنی دەنگ

قرتاندنی دەنگ وەک سیمایەکی شێوازی تایبەت بە شیعری لای زۆر لە شاعیران پەیڕەو دەکرێت. قرتاندنی دەنگێک یان چەند دەنگێکی هەندێک وشەیە. ئەمە یەکێکی تر لە دیاردە تایبەتییەکانی شێوازی تاهیربەگ لە ئاستی دەنگدا، کە لە شیعرەکانیدا بە فراوانی بەرچاو دەکەوێت. لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین:

| | |
|---|---|
| نەمدی | نەمدیت |
| کا | کات |
| جێی | جێگەی |
| گەلێ | گەلێک |
| دەس | دەست |
| بەسراو | بەستراو |
| دێ | دێت |
| کە | بکە |
| یەکێ | یەکێک |

- ڕەگەزدۆزی لای شاعیر

ڕەگەزدۆزی و جۆرەکانی یەکێکن لەو هونەرە شیعرییانەی، کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو لە پێکهاتەی ڕیتمی مۆسیقای ناوەوەی شیعردا دەبینن. ئەم هونەرە شیعرییە بە هەموو جۆرەکانییەوە لە لای شاعیر جێگەی سەرەنج و بایەخ پێدانە، بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێن. بە گشتی لە کۆی (٣١) پارچە شیعریدا (٧٨) دیاردەی ڕەگەزدۆزیی بەکارهێناوە. زۆربەی ڕەگەزدۆزییەکان لە جۆری ڕەگەزدۆزی ناتەواون، لە چوارچێوەی جۆرەکانی ڕەگەزدۆزیی ناتەواو، ڕەگەزدۆزی جۆری جودا بە پلەی یەکەم و داتاشراو بە پلەی دووەم و زیاد بە پلەی سێیەم دێن. کە لێرەدا چەند نموونەیەک لەو ڕەگەزدۆزیانە دەخەینەڕوو:

- ڕەگەزدۆزیی تەواو

بەموئمین چیسەقەر دۆزەخ جەهەننەم

مەقامی ڕووسیان وڕووسیانە (دیوانی شاعیر: ل٨٤)

لە هیجرانی خەزان تاکەی بە ئومیدی گوڵان تاکەی

لە نەغمەی بولبولان تاکەی خوا فەسڵی گوڵان بابێ(دیوانی شاعیر: ل٨٦)

- ڕەگەزدۆیی ناتەواو

أ. جۆری جودا

یاران فه‌رهاد مه‌ردوه ناكامه‌وه

په‌رێ ئاخو داخ من هه‌رمامه‌وه (دیوانی شاعیر، ٤٨)

به‌ده‌س بادی سه‌با چونكه په‌شێوه نه‌زمی زولفه‌ینت

منی چاره سیا بۆیه هه‌موونه‌زمم په‌رێشانه (دیوانی شاعیر: ل٧٦)

ب .جۆری داتاشراو

دڵدار دڵبه‌ر سته‌مكار نه‌دیت

ئاهووی خو ته‌نی وه‌ش ڕه‌فتار نه‌دیت (دیوانی شاعیر: ل٤٠)

عیلله‌تی ده‌رد و شه‌فاكه‌م وا به لێوی شه‌ككه‌رت

مایه‌یی ژین وحه‌یاتم ده‌رد و ده‌رمانم وه‌ره (دیوانی شاعیر: ل٦٤)

ج. جۆری زیاد

به خه‌مزه‌ی چاوی مه‌خمووری سیاهی مه‌ستی مه‌ی كردین

به ماچی لێوی موسته‌غنی له ئه‌نواعی مه‌زه‌ی كردین (دیوانی شاعیر: ل٥٨)

جارێ ناپرسی له حاڵی من مه‌گه‌ر نازانی تۆ

زار و بێزار و نه‌زارم كاری من هه‌ر زاریه (دیوانی شاعیر: ل٧٢)

دووباره‌بوونه‌وه‌ی وشه ئه‌و دیارده‌یه‌یه كه وشه‌یه‌ك به هه‌مان مانای خۆی دوو جار یان زیاتر دووباره ببێته‌وه، چه‌ندین جۆری جیاوازی هه‌یه[١١]. ئه‌م دووباره كردنه‌وه‌یه له شیعره‌كان یشاعیردا له هه‌ردوو ئاستی ستوونی و ئاسۆیی دا خراونه‌ته‌ڕوو. كه مۆسیقایه‌كی خۆشتر به دێره شیعره‌كان ده‌به‌خشێت، نموونه‌یه‌كی به‌رچاوی ئه‌م دووباره كردنه‌وه مۆسیقییه ئه‌م پارچه شیعره‌ی خواره‌وه‌یه:

گوڵبۆی گوڵڕوخسار گوڵبه‌رگ ئه‌ندامه

گوڵخونچه له‌بان گوڵین ژێر جامه

سه‌ر په‌نجه گوڵین وه‌هوون ئه‌و دڵ

وه‌هار ئاماوه په‌یدا بێ نه‌و گوڵ (دیوانی شاعیر: ل٤٥)

١١ . موسیقی شیعری، د. محمد رضا شفیعی کدکنی، چاپ ٦، انتشارات اگاه، تهران، ١٣٧٧،ص٣٠٥.

لەم جۆرە دووبارە کردنەوەیەدا ڕێژەی دووبارەکردنەوەکان لە ئاستی ئاسۆیی دا زیاترە، خۆی لە هەردوو جۆرە دووبارەبوونەوەی (بەدواییەک و بڵاوو دوور لەیەک) دا دەبینێتەوە. لە چوارچێوەی ئەم دوو جۆرەشدا دووبارە بوونەوەی بڵاو و دوور لە یەک زیاترە. ئەم جۆرە بەکارهێنانە لە لای شاعیر بووەتە هۆی دڵگیرتر بوونی مۆسیقای شیعرەکە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش بەکارهاتووە[١٢].

- ئاستی وشە

شێوازی شاعیر لەم ئاستەدا زۆر سەرەنجڕاکێشە و فەرهەنگی وشەی فراوانە، هەر سێ فەرهەنگی وشەی کوردی و عەرەبی و فارسی لەخۆ دەگرێت. بە شێوەیەکی گشتی فەرهەنگی وشەی فارسیی شاعیر فراوانترە لە فەرهەنگی وشەی عەرەبی، چەندین شیعری بە زمانی فارسی هەیە و زیاتر بە ئەدەبی فارسی کاریگەرە.

- وشە کلیلییەکان لە شێوازی شیعری تاهیر بەگدا

وشە کلیلییەکان لە شێوازدا ئەو وشانەن کە چەندین جار لە لایەن شاعیر لە شیعرەکانیدا دووبارە دەکرێنەوە و جەختی لەسەر دەکرێتەوە. هەموو ئەو دووبارەبوونەوەیەش مەبەستی خۆی لە پشتە و ڕەنگدانەوە و هەڵگری هزر و بیری نووسەرن. زۆر جار ئەو وشەکلیلیانە دەبنە تایبەتمەندیی شیعری شاعیر کە بە هۆیانەوە دەناسرێتەوە. دەتوانین لە چوارچێوەی شیعرەکانی شاعیردا ئەم وشە کلیلیانەی خوارەوە بخەینەڕوو:

| وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوەی | وشەی کلیلی | دووبارەبوونەوەی |
|---|---|---|---|
| دڵ | ٤٣جار | ئەبرۆ | ١٠جار |
| گوڵ | ٢٥جار | دووری | ٩جار |
| دەرد | ٢٥جار | فیراق | ٩جار |
| لێو | ١٨جار | قوربان | ٨جار |
| زولف | ١٥جار | لوتف | ٦جار |
| دیدە | ١٤جار | عیلاج | ٦جار |
| چاو | ١٢جار | شەککەر | ٦جار |

دووبارەبوونەوەی ئەم وشانە بەو ڕێژەیە لەلای شاعیر ئەوە دەردەخات، کە شاعیر خاوەنی عەشقێکی مەجازی بووە و عاشقی ڕەگەزی بەرامبەر (کچ) بووە،

١٢ . سەروا، عەزیزگەردی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩،ل١٦٧.

وەسفی جوانی و سەرنجڕاکێشی ئەو کچە دەکات، لە دووری ئەو هەمیشە دڵ بریندار و سەرگەردان بووە. هەروەک لە دیوانەکەشیدا ئاماژەی پێ کراوە کە عاشقی کچێکی جوولەکە بووە بە ناوی (شێوە) کە لە هەڵەبجە ژیاون. تەنانەت شیعری ((بەغەمزەی چاوی مەخمووری ...))ی بۆئەوداناوە.

- بەکارهێنانی ڕاناو لەلای شاعیر

بەکارهێنانی ڕاناوی (من و تۆ) لە شیعرەکانی شاعیردا دووبارەبوونەوەی زۆری هەیە بە جۆرێک کە ڕاناوی (من) (٥١) جارو (تۆ) (٤٢) جار بەکارهاتووە،واتا ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک زیاتر بەکارهاتووە لە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک. ئەمەشیان تایبەتمەندییەکی شێوازی شیعریی شاعیرە کە شیعرەکانی گێڕانەوەی باری دەروونی خۆیەتی و بۆ ئەم مەبەستەش ناچارە کە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بەکار بهێنێت، چونکە لە کاتی گێڕانەوەی باری دەروونی خۆی ڕێگەیتری نیە. بەم شێوەیەش شاعیر زیاتر سەرەنجی لە سەر خۆیەتی و تەنانەت زۆر جار خۆی دەدوێنێت و ڕاناوی کەسی دووەمی تاک بۆ ئەم دوواندنە بە کار دێنێت[١٣].

- شیعرەکانی تاهیربەگ بە پێوانەی هاوکێشەی بۆزیمان

هاوکێشەی بۆزیمان یەکێکە لە هاوکێشەکانی شێوازناسیی ئاماری ((بەپێی ئەم هاوکێشەیە ڕێژەی ژمارەی (کار) بەرامبەر ژمارەی (ئاوەڵناو)، لە شیعر و ئەدەبدا زیاترە لە بواری زانستی وئاخاوتنی ئاسایی، هەروەها ئەم ڕێژەیە بە پێی ڕەگەز وباری هەست و سۆزی شاعیر دەگۆڕێ، واتە چەند هەست وسۆز ئاوێتەی شیعرەکە بێت، ئەم ڕێژەیە دەچێتە سەرێ))[١٤]. بە پێی ئەم هاوکێشەیە ڕێژەی هەست و سۆز لە شیعرەکانی شاعیردا کەمە، چونکە ڕێژەی ئەم هاوکێشەیە لە شیعرەکانی شاعیردا (٢٩٤,١) یە. بەم شێوەیە خوارەوە:

$$\frac{\text{Number of Verbs (ژمارەی کار)}}{\text{Number of Adjectives (ژمارەی ئاوەڵناو)}} = \text{VAR (Verb – Adjective Ratio)}$$

$$\frac{348}{269} = 1{,}294$$

١٣ . شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، ل ١١٧.
١٤ . هەمان سەرچاوە، ل ١٥٠.

بەشی دووەم ـ شێوازی تاهیر بەگی جاف لە ئاستی ئەدەب و هزردا

لەم باسەدا تیشک دەخەینە سەر تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی ئەدەبی و هزری لای شاعیر و دەرخستنی کاریگەربوونی شاعیر بە شێوازی چەند قۆناغێکی شیعری فارسی.

باسی یەکەم: لە ئاستی ئەدەبدا:

چەند تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەدەبی لە شیعری شاعیردا

لە ئاستی ئەدەبیشدا بە هەمان شێوەی ئاستی زمان هەندێک نیشانەی شێوازی بەرجەستە هەن، کە بە ئاسانی لە شیعرەکانی شاعیردا بەرچاو دەکەون و هۆکاری کاریگەرن بۆ ناسینەوەی شیعری تاهیر بەگ. گرنگترین ئەم نیشانانە بریتین لە مانەی خوارەوە:

١. گرنگیدانی شاعیر بە هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستوونیی زمان لە شیعردا بە هۆی زۆری بەکارهێنانی (لێکچواندن و خواستن).

٢. ئاوێتەکردنی هەستەکان لای شاعیر

٣. ڕەچاو کردنی هاوتا ـ مراعات النظیر

ـ ئاستی ئاسۆیی و ئاستی ستونی لە شیعری تاهیر بەگدا

ئەم دوو ئاستە لە شیعردا یەکێکن لەو بابەتانەی کە بە تەواوی جێگەی خۆیان لە لێکۆڵینەوە شێوازناسییەکاندا کردۆتەوە. لە لای شاعیران((ڕێژەی گرنگی دان بەو دوو ئاستە جیاوازە و ئەم جیاوازییەش جیاوازی شێوازی لێکەوتووەتەوە. جیاوازی دوو ئاستەکە زیاتر خۆی لە بەکارهێنانی خواستن(استعارە ـMetaphor ) و لێکچواندن(تشبیە ـSimile )دەنوێنێت))[١٥].پەیوەندییەکی دوو لایەنە لە نێوان ئەم دوو ئاستەدا هەیە بە جۆرێک کە گرنگیدان بە هەر کامیان لە بەکارهێنانی ئەوی تر کەم دەکاتەوە و ڕێژەی بەکارهێنانەکە بە پێوەرێکی سەرەکی بۆ بەدەستنیشانکردنی شێوازدادەنرێت. لە بەکارهێنانی ئەو دوو ئاستە لە لای شاعیر هاوسەنگییەک دەبینرێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ڕادەی بەکارهێنانی لێکچواندن زیاترە لە (خواستن) کە دەکاتە (٨٧) لێکچواندن و (٧٠) خواستن. کە لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو:

١٥ . کلیات سبك شناسی، دکتر سیروس شمیسا، ص٢٨٥.

- نموونەی لێكچواندن

خاڵی حەبەشی قرچە دەخاتە دڵی ئاشق

شمشێری برۆی سینە دەكا شەق وەكو ئەڵماس(دیوانی شاعیر: ل٤٣)

لەم دێرە شیعرەدا دوو وێنەی لێكچواندن هەن: یەكەمیان/ (شمشێری برۆ) لێرەدا شمشێر (لەوچوو)ە، برۆ (لێچوو)ە، بە شمشێر چوێندراوە. دووەمیان/ سینە (لێچووە) بە (ئەڵماس) چوێندراوە، كە دەبێتە (لەوچوو).

- نموونەی خواستن

ڕۆژی تەرەب و فەسڵی گوڵ و وەختی بەهارە

یاران گوڵەكەم كوا كە دەمی بۆس و كەنارە (دیوانی شاعیر: ل٦٢)

لەم دێرەدا خواستنی ئاشكرا هەیە، كە وشەی (گوڵەكەم)ە، شاعیر لە جیاتی ناوی یارەكەی بەكاری هێناوە.

دەڵێی تۆراوە قیبلەی ئاشقانت

كە ئەمڕۆ كەچ بووە میحرابی ئەبرووت (دیوانی شاعیر: ل٣٨)

لەم دێرەدا (میحرابی ئەبرۆ) خواستنی دركاوە، چونكە (ئەبرۆ) میحرابی نیە، بەڵام شاعیر لە ڕێگەی هونەری لادان كە لادانی بەتەنكردنی پێ دەگۆترێت (میحراب) ی داوەتە پاڵ (ئەبرۆ).

ناحەق نیە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەممول

سیروانی سریشكم كە ئەكا هاژە لە سەردا (دیوانی شاعیر: ل٣٤)

لێرەدا شاعیر لە ڕێگەی دیاردەی لادانی (بەتەنكردن)ی وشەی (پرد)، كە بابەتێكی بەرجەستەیە و قەبارەی هەیە و تەنە، داویەتە پاڵ وشەی (تەحەممول) كە شتێكی مەعنەوییە و بەرجەستە نیە. بە هۆی ئەم دانەپاڵە (تەحەممول) ی كردۆتە تەن كە پردی هەیە، وێنەیەكی خواستنی دركاوی بەرهەم هێناوە.

- ئاوێتەكردنی هەستەكان

مەبەست لێی ئاوێتە كردنی دوو هەست یان زیاترە لە كاتی دەربڕیندا. ئەم جۆرە دەربڕینە لە قسەی ئاسایی خەڵكیشدا بەرچاو دەكەوێت، بەڵام زیاتر لە ئەدەبدا پەسەندترە، چونكە ئەدەب خۆی جۆرە لادانێكە لە فۆرمی ئاسایی زمان.

لە زمانی ئاساییدا هەستەکان زیاتر بە جیا دەردەکەون نەک ئاوێتە[١٦]. ئەم تایبەتمەندییەی ئەدەب بە جۆرێک لە شیعرەکانی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە، کە دەکرێت بە نیشانەیەکی شێوزای شاعیر لە قەڵەم بدەین. بە گشتی ئەم ئاوێتە کرانە لە لای شاعیر زیاتر خۆی لە ئاوێتەبوونی هەستی چەشتن لەگەڵ هەستەکانی تردا دەبینێتەوە. بە جۆرێک کە (چەشتنی شیرینی) لەگەڵ هەموو هەست و بابەتێکدا ئاوێتە دەبێت. وەک لەم نموونانەی خوارەوەدا:

١. هەستی چەشتنی شیرینی لەگەڵ هەستی بینین و دیمەنەکان:

(لێوی شەکەرت، نەخلی لێوی، شەهدی لێوت، شیرین ئەرمەن، ...).

٢. هەستی چەشتنی شیرینی لەگەڵ هەستی بیستن و دەنگ:

(شەکەر باری لێوت، نەزمەکەی پڕ شەکەرەت، شیرین گوفتار، لێوی شەکەرباری، ...).

٣. هەستی چەشتنی شیرینی لەگەڵ بابەتی زەینی و مەعنەوی دا:

(شیرین ڕەفتار، ڕوحی شیرینم، شیرینە وەسڵی یاران، ...).

- ڕەچاو کردنی هاوتا (مراعات النظیر)

ئەم دیاردەیە بە واتای ئەوە دێت کە لە شیعردا وشەی وا پێکەوە بگونجێنرێن، کە پەیوەندیان بە یەکترەوە هەبێت و دەکرێ ئەم پەیوەندییە لە ڕوانگەی ڕەگەز و پێکهاتە و لێکچوون و هاوڕێیی و هاوبابەتی بێت[١٧]. ئەم جۆرە دیاردەیە بە فراوانی لە شیعرەکانی شاعیردا دەبینرێت، کە دەکرێت بە دیاردەیەکی شێوازی شیعری شاعیر دابنرێت. هەندێک نموونەی ئەم دیاردەیە لای شاعیر دەخەینەڕوو:

دەرد و ئەلەمیش گشتی بەوە لێم بووە دوژمن

بۆ چاک و شەفاکردنی ئەم دەردە دەواچن (دیوانی شاعیر: ل٣٥)

لەم دێرەدا (دەرد، ئەلەم، چاک، شەفاکردن) پەیوەندییەکی بابەتییان هەیە، کە بابەتەکەش نەخۆشییە.

سەد تەبیب هات و عەلاجی ئەم برینانەی نەکرد

تۆ عەلاجی زەخمەکەم کە سا بە ئامانم وەرە (دیوانی شاعیر: ل٦٦)

١٦ . شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، ل ١٦٥.
١٧ . فرهنگ اصطلاحات ادبی ـ سیما داد، انتشارات مروارید، چاپی ٣، تهران، ١٣٧٨، ص٢٦٨.

لەم دێرە شیعرەدا پەیوەندیی هاوڕێیی لە نێوان وشەكانی (تەبیب، عەلاج، برین، زەخم) دا بەدی دەكرێت.

دەبێ كاول بێ موڵكی دڵ بە تاراجی سوپاهی خەم

هەتا شاهەنشەهی ئیشقت لەوێدا میسلی سوڵتانە (دیوانی شاعیر: ل٧٦)

لەم دێرە شیعرەدا وشەكانی (موڵک، تاراجی سوپاە، شاهەنشەە، سوڵتان) دا پەیوەندییان بەیەكەوە هەیە.

گوڵزاری ئیرەم سوورەتی زیبای قەدی تۆیە

گۆشەی چەمەن و ڕوویی گوڵ و پایی چنارە (دیوانی شاعیر: ل٦٢)

لەم دێرەدا پەیوەندیی هاوڕێیی لە نێوان وشەكانی (گوڵزار، قەد، چەمەن، گوڵ، چنار) دا هەیە، كە پەیوەندیەكەشیان لە ڕووی ڕووەک بوونیانە، دەكرێت بڵێین پەیوەندییەكی هاوڕەگەزیشە.

برۆ و ڕوخسار و زوڵف و لێوی ئاڵت

شەو و ڕۆژ و هیلال و عیقد و مەرجان (دیوانی شاعیر: ل٥٥)

لەم دێرەدا پەیوەندیی بەش بە گشت لە نێوان وشەكانی (برۆ، لێو و ڕوخسار) دا هەیە، چونكە هەریەكە لە (برۆ و لێو) بەشێكن لە ڕوخسار، هەروەها پەیوەندیی لێكچوون لە نێوان وشەكانی (برۆ و هیلال) و (ڕوخسار و ڕۆژ) و (لێو و مەرجان) دا هەیە.

بەزم و تەرەب ئامادەیە ساقی مەیێ فەرموو

دەنگی دەف و ناڵەی نەی و ئاوازەیی چەنگە (دیوانی شاعیر: ل٧٧)

لەم دێرەدا وشەكانی (دەف، نەی، چەنگ) بەشێكن لە بابەتی گشتیی مۆسیقا.

حاجی وەرە ئەم قاپییە گەر تالیبی دینی

سەد حەجج و دوسەد عومرە تەوافێكی مەزاری (دیوانی شاعیر: ل٩٢)

لەم دێرەدا وشەكانی (حاجی، تالیبی دین، حەج، عومرە، تەواف) پەیوەندیی بابەتییان هەیە لە چوارچێوەی ئەركی ئایینی دا.

باسی دووەم: لە ئاستی هزردا

لە ڕووی ئاستی هزرییەوە شیعرەکانی تاهیر بەگ تاڕادەیەکی زۆر هەمان شێوازی شیعری کلاسیکی کوردییە و پەیڕەوی لەو شێوازە کردووە، کە لەو سەردەمەدا باوبووە، بەڵام بە داهێنان و ڕەسەنایەتی خۆیەوە، لە ڕووی ئاستی هزرییەوە شیعرەکانی شاعیر چەند ناوەڕۆکێکی کەمی لەخۆگرتووە و بە دەوری چەند مەبەستێکی دیاریکراودا دەخولێنەوە، وەکو زۆربەی شاعیرە کلاسیکەکانی تر لە زۆربەی ناوەڕۆکە شیعرییەکان شیعری نەهۆنیوەتەوە، لێرەدا هەوڵدەدەین ئەو مەبەستانەی شاعیر شیعری لە پێناویاندا هۆنیوەتەوەبخەینەڕوو و لەوێوە بتوانین شێوازی شاعیر دەستنیشان بکەین.

- دڵداری

شیعرەکانی تاهیر بەگی جاف زیاتر لە دەوری بابەتی دڵداریدا دەخولێنەوە، چەند شیعرێکی کەمی نەبێت ئەوانیتر هەمووی هەڵگری ناوەڕۆکێکی عاشقانەن و گوزارشت لە هەست و سۆز و دەروونی شاعیر دەکەن، شێوازی تاهیر بەگی جاف لە شیعرە دڵدارییەکانیدا بە گشتی هەمان شێوازی شیعری کلاسیکی کوردییە و وەکو شاعیرە کلاسیکەکان گوزارشتی لە هەست و سۆز و دەروونی خۆی بەرامبەر بە یارەکەیکردووە، بەڵام بە تایبەتمەندی و داهێنانی خۆیەوە.

تاهیر بەگ لە شیعرە دڵدارییەکانیدا بە شێوازێکی هونەریی بەرز گوزارشتی لە هەست و سۆزی خۆی کردووە و شیعرەکانی پڕن لە وێنەی هونەری بەرز و بەکارهێنانێکی چڕ و پڕی هونەرەکانی ڕەوانبێژی، بە گشتی شیعرەکانی شاعیر غەم باڵی بە سەردا کێشاوە و گوزارشت لە غەم و ئازارەکانی شاعیر دەکەن:

هەرچەندە دەمێکە لە خەما غەرقەیی خوونم

هەر لەحزە لە دەس جەوری فەلەک مات و زەبوونم

بەسراوە بە زەنجیری ئەلەم گەردنی شەوقم

مەشهوورە لەناو ئەهلی جیهانشۆری جنوونم

ئەلفی قەدەکەم ڕاست وەکوو تیری خەدەنگ بوو

وا خەم بووە ئیستاکە ئەڵێیحەڵقەیی نوونم (دیوانی شاعیر: ل ٥٠)

ئەم غەمباری و حەزینییەی لەم شیعرەدا هەستی پێدەکرێت لە زۆربەی شیعرەکانی شاعیردا هەستی پێدەکرێت و لای شاعیر بووە بە دیاردە، ئەم غەم و حەسرەتەی شاعیر زیاتر بە هۆکاری دووری و جوودابییەتی لە مەعشووقەکەی

و شیعرەكانی زیاتر گوزارشت له دەردی دووری و هیجرانی شاعیر دەكەن لە مەعشووقەكەی:

هیجرانی گەلێ موهلیكه بۆ بەندە وەكوو سەم

هەم سینەیی سوزانە و هەم دیدەیە پڕ نەم

زووخاو و خەمی دوورییە خۆراكمە هەر ژەم

تاب و تەبی ئاتەشكەدەیی هیجری وەكوو شەم

نێزیكە منیش واریدی سەحرایی فەناكا (دیوانی شاعیر: ل ٣٦)

ئەم دەردی دوورییەی مەعشووق غەمێكی وای لە دڵی شاعیر دروست كردووە، كە هەردەم ئاواتەخوازی بینین و گەیشتنەوەیە بە وەسڵی مەعشووقەكەی و بە هەستێكی پاڕانەوە داوای گەڕانەوە لە مەعشووقەكەی دەكات بۆ ئەوەی تیماری دەردی دوورییەكەی بكات:

دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە جانی جانانم وەرە

لەت لەتە جەرگ و هەناوم ماهی تابانم وەرە

عللەتی دەرد و شەفاكەم وا بە لێوی شەككەرت

مایەیی ژین و حەیاتمدەرد و دەرمانم وەرە

سەد شوكر دووبارە جەژنەوەختی عەیش و شادییە

بۆ بەڵاگەردانی باڵاتقۆچی قوربانم وەرە (دیوانی شاعیر: ل ٦٤)

شاعیر لە چەندین شیعردا داوای هاتنی یارەكەی دەكات و تا ئاستی پاڕانەوە و لێی پاڕاوەتەوە، كە بگاتە فریای و ئەو دەردی هیجرانەی بەكەس تیمار ناكرێت بۆی تیمار بكات و ببێتە سارێژی غەمەكانی:

دڵ لە هیجرت وا لە خەمدا ماهی كەنعانم وەرە

زەخمە جەرگم بۆ فیراقت زووبە لوقمانم وەرە

سەد تەبیب هات و عەلاجی ئەم برینانەی نەكرد

تۆ عەلاجی زەخمەكەم كە سا بە ئامانم وەرە

گەر دەزانی چەن پەشێوە حاڵەكەم بۆ دیدەنت

سەد ئەوەندەی زوڵفەكانت دڵ پەرێشانم وەرە (دیوانی شاعیر: ل ٦٦)

شاعیر لە چەندین شیعردا وشەی (وەرە)ی کردووە بە پاش سەروا بۆ شیعرەکانی و ئەم دیاردەیە لە شیعرە دڵدارییەکانیدا بووەتە بەشێک لە شێوازەکەی.

لە گوزارشت کردن لە هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بە مەعشووقەکەی، شاعیر سوودی لە ڕووداو و کەسایەتی و سەرکردە و شوێنە مێژووییەکان و چیرۆکە عاشقانەکانی پێشوو وەک ( شاری بابل، ئەسکەندەر، شەڕی ژاپۆن و فەڕەنگ، یوسف، بابانەکان، لەیل و مەجنوون، شیرین و فەرهاد ... هتد) وەرگرتووە، لەم ڕێگەیەوە گوزارشتی لە هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بە یارەکەی کردووە و چەندین وێنەی جوانیشی ئافراندووە:

تابووری موژانت لەگەڵ ئەگریجە بەرابەر

وەستاوە ئەڵێی لەشکری ژاپۆن و فەرەنگە (دیوانی شاعیر: ل ٧٧)

یان دەڵیت:

نە من ماچی لەبی تۆم بوو بە قسمەت

نە ئەسکەندەر گەیشتە ئاوی حەیوان (دیوانی شاعیر: ل ٥٦)

یان:

نەماوە شاری بابل چاهی هارووت

لە کوێ خوێندوویە ئەفسوون چاوی جادووت (دیوانی شاعیر: ل ٣٨)

دیاردەیەکی تری شێوازی کە لە شیعرەکانی شاعیردا هەستی پێدەکرێت وێنە پێچەوانەکانە، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا زیاتر وا باوە کە شاعیر بۆ دەرخستنی جوانی و ناسکی و وەسفی یارەکەی، دێت یارەکەی بە سروشت و شتە جوانەکانی ناو جیهانی سروشت دەچوێنێت، ئەم دیاردەیە لای تاهیر بەگیش ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام لە چەند شوێنێکدا چەند وێنەیەکی پێچەوانەی کێشاوە و سروشتی بە جوانی یارەکەی چواندووە، ئەم دیاردەیە زیاتر لای مەولەوی هەستی پێدەکرێت و جگە لە مەولەوی(١٨٠٦–١٨٨٢) و تاهیر بەگ ئەم دیاردەیە لای کەم شاعیری تر دەبینرێت، تاهیر بەگ لە ڕێگەی ئەم وێنە پیچەوانانەوە هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بە یارەکەی دەربڕیوە:

نموونەی ڕوویی تۆیە ماهی تابان

نەزیری موویی تۆیە ڕەنگی قەتران (دیوانی شاعیر: ل ٥٥)

یان دەڵێت:

گوڵزاری ئیرەم سوورەتی زیبای قەدی تۆیە

گۆشەی چەمەن و ڕوویی گوڵ و پایی چنارە (دیوانی شاعیر: ل ٦٢)

**- ئایینی**

وەکو پێشتر خستمانەڕوو شیعرەکانی تاهیر بەگی جاف زیاتر بە دەوری بابەتی دڵداریدا دەخولێنەوە و بەکەمی لای لە بابەتەکانی ترکردۆتەوە. یەکێک لەو بابەتانەی تر کە شاعیر تا ڕاددەیەک شیعری لە پێناویدا هۆنیوەتەوە بابەتی ئاینییە، شاعیر بۆ ئەم مەبەستە سێ شیعری هۆنیوەتەوە، تاهیر بەگ لە شیعرە ئاینییەکاندا زیاتر بەلای (نەعت) دا ڕۆیشتووە و تیایاندا زۆرتر وەسفی پێغەمبەر (د. خ) کردووە و لێی پاڕاوەتەوە تاوەکو لەو دونیا شەفاعەتی بۆ بکات:

مەلجەئو پشت و پەناهێ غەیری لوتفی تۆ نییە

گەر ببەخشی وەر نەبەخشی جان نیسان و چاکەرم

تالیبی دیبای شەفاعەت کەس نییە وەک من بە جان

بۆ مەتاعی ڕەحمەتی تۆ ئیمڕۆ من سەوداگەرم

نابێ من تەنها لە لوتفت بێ نەسیب و بەهرەبم

چونکە فەرمووتە شەفیع و شەهسواری مەحشەرم

نەعتی شاهی ئەنبیا ((تاهیر)) کە هاتە سەر زوبان

جیلوە بەخشی زەوقە ئیمڕۆ نەزمەکەی پڕ شەککەرم (دیوانی شاعیر: ل ٤٩)

بە هەمان شێوە لەم شیعرەی خوارەوەشدا وەسفی پێغەمبەر (د. خ) دەکات و داوای شەفاعەت و لێخۆشبوونی لێدەکات و دەڵێت:

مەتڵەعی سوبحی سەعادەت مەزهەری ((علم الیقین))

ئەی سپەهسالاری فەوجی ئەنبیائولمورسەلین

بۆ نەوازش زاتی حەق هەم حوججەت و هەم دەنگی تۆ

شاهیدی تەعزیمی تۆ بوو یاوەری ڕۆحولئەمین (دیوانی شاعیر: ل ٥٢)

شاعیر لە شیعرێکی تردا ڕوو لە خانەقای بیارە دەکات و ڕۆحی خۆی وابەستە بە بیارە دادەنێت، لە هەمان کاتدا یادی پێغەمبەر (د. خ) و یارانی و ڕابەر و شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری دەکاتەوە و دەڵێت:

مەربووتە حەیاتم بە بیارە و بە دیاری
خۆزگەم بە سەگی قاپیەکەی قوتبی مەداری
ئەم کاولە دونیایە لە نەو زیر و زەبەر بێ
پاش ئەحمەدی موختار و ئەبووبەکر و سێ یاری
فاروقی زەمان حەزرەتی نائیبی شێخ عوسمان
واسڵ بوو بە دەرگاهی کەرەم رەحمەتی باری (دیوانی شاعیر: ل ٩١)

شاعیر لەم شیعرەدا هەر لە چوارچێوەی باسی ئاینیدا ماوەتەوە، بەلای عیرفان و تەسەوفدا نەڕۆیشتووە و نە لەم شیعرە و نە لە هیچ شیعرێکی تر هزری عیرفانی و سۆفیگەری لە شیعرەکانی ڕەنگی نەداوەتەوە.

- هزری فەلسەفی

تاهیر بەگ لە شیعرەکانیدا زۆر کەم بەلای هزری فەلسەفیدا چووە و ناوەرۆکی شیعرەکانی زیاتر دلْدارین، بەڵام لە شیعرێکیدا کە وەکو پرسیار بۆ (ناری)ی شاعیری ناردووە، کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفیی تێدایە، کە کۆمەڵە پرسیارێکی وجوودین و بەردەوام لای مرۆڤ جێگای پرسیارو تێڕامان بوونە:

خودا عەدلی لە لای عارف عەیانە
بە حەققەت ئێمە گەللەین ئەو شوانە
لەبەرچی وا مەڕی خۆی مەردی چۆپان
بە دەستی خۆی ئەخاتە بەر نیشانە (دیوانی شاعیر: ل ٧٩)

یان دەڵێت:

ئەگەر خەلقە لە بۆمان ئیختیارێ
لەبەرچی یەک بچووک و یەک کەلانە
یەکێ بۆ پارە نانێ جان فرۆشە
یەکێ حەققی نییە شاهی جیهانە (دیوانی شاعیر: ل ٨٠)

ئەگەر سەیری تەواوی شیعرەکە بکەین دەبینین هەمووی خستنەڕووی ئەو پرسیارانەیە، کە لە لای تاهیر بەگ دروست بوون و لە هەوڵی بەدەستخستنی وەڵامەکانیانە.

شاعیر لە شیعرەکانیدا لە چەندین شوێندا باسی دونیا دەکات و شێوازەکەی تاڕادەیەک لە شێوازی مەحوی دەچێت، کە ڕوانینێکی پوچگەراییانەی بۆ دونیا هەیە و بە پوچ سەیری دونیا دەکات، دونیا بە ئافرەتێکی لەشفرۆش و بەدڕەوشت دەچوێنێت، کە هەر شەوەی لە باوەشی کەسێکە، بۆیە داوا دەکات کە دڵبەندی دونیا نەبین و نەکەوینە داوی دونیا:

دونیا کە هەموو لەحزە بە مەعشووقی کەسێکە

بنواڕە کە چەن قەحبە چ کۆنە تەرەسێکە

تێفکرە وەکوو کەلبی نیهان گیری زەمانە

ئەبنائی جیهان یەک بە یەکی سەگمەگەسێکە

عالەم هەموو وەک تەیرە تەمەع دانەئەمەل داو

سەییادی ئەجەل ساحەتی دونیا قەفەسێکە (دیوانی شاعیر: ل ٧٣)

بەم شێوەیە باس لە دونیا دەکات و بەم دێرە شیعرە کۆتایی بە شیعرەکە دێنێت:

((تاهیر)) مەبە ئازوردە زەمان عادەتی جەورە

دونیا کە هەموو ڕۆژێ ژنی بولهەوەسێکە (دیوانی شاعیر: ل ٧٤)

یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

وەرە ((تاهیر)) مەبەستە دڵ بە دونیا

بە زاهیر جوان وباتین پیر و فەرتووت (دیوانی شاعیر: ل ٣٩)

ئەنجام

١. تایبەتمەندییەکانی شێوازی شاعیر لە ئاستی زماندا زیاتر لە هەردوو تەوەری دەنگ و وشەدا بەرجەستە کراون.

ئاستی مۆسیقیی شاعیر یەکێکە لە تایبەتمەندییە شێوازییەکانی شاعیر، تاهیربەگ شیعرەکانی بە هەردوو کێشی خۆماڵی و عەرووزی هۆنیوەتەوە، بەڵام ڕێژەی بەکارهێنانی کێشی عەرووزی زیاترە، لە کێشە عەرووزییەکانیشدا کێشی (هەزەج و ڕەمەل و موزاریع)ی بەکارهێناوە، لە کێشەعەرووزییەکانیشدا کێشی (هەزەج) لەپلەی یەکەم دێت. لە سەرواشدا هەردوو جۆری (سەروای یەکگرتوو و مەسنەوی)ی بەکارهێناوە.

هەروەها چەندین دیاردەی تری وەک (ڕەدیف، هاوبزوێنی، هاونەبزوێنی، ڕەگەزدۆزی) مۆسیقای شیعرەکانی شاعیریان بەهێز کردووە.

لە ئاستی وشەدا هەندێک دیاردەی شێوازی لە شیعرەکانیدا دەبینرێن، فەرهەنگی وشەکانی زۆر فراوانە و فەرهەنگی وشەی هەرسێ زمانی (کوردی و فارسی و عەرەبی) لەخۆ دەگرێت، بەڵام فەرهەنگی کوردیەکەی بە پلەی یەکەم دێت و فارسی بە پلەی دووەم و عەرەبی بە پلەی سێیەم. وشە کلیلییەکان لە لای شاعیر هەمەڕەنگ نین، بەڵکو زیاتر لە گرووپی (ڕووخسار و بەژن و باڵای ئافرەت، خەم ودەردی دووری) دان.

بەکارهێنانی ڕاناو لە لای شاعیر بووەتە دیاردەیەکی شێوازی، کەڕاناوی کەسی (یەکەم و دووەم)ی تاکی زۆر دووبارە کردۆتەوە، بەڵام ڕاناوی (من)ی زیاتر بەکارهێناوە. دیاردەیەکی تری ئاستی وشە لای شاعیر لە هاوکێشەی بووزیمان دەردەکەوێت، کە تێیدا ڕێژەی (کار) زیاترە لەڕێژەی (ئاوەڵناو)، بەمەش ڕێژەی (VAR) نزم دەبێتەوە بۆ (١،٢٩٤)، بەمەش ئاستی شیعرییەتی بەرهەمەکە نزمە.

٢. لە ئاستی ئەدەبدا شاعیر زیاتر گرنگیی بە ئاستی ئاسۆیی زمانداوە، بەو پێیەی هونەری لێکچواندنی بە پلەی یەکەم بەکارەێناوە و خواستن بە پلەی دووەم. هەروەها لە لای شاعیر ئاوێتەکردنی هەستەکان تایبەتمەندییەکیتری شێوازی شاعیرە، کە تێیدا هەموو شتێک و هەموو هەستەکان ئاوێتەی هەستی چەشتن (شیرینی) دەکات، جگە لەمە (ڕەچاوکردنی هاوتا) یەکێکیترە لە دیاردە شێوازییەکان لای شاعیر.

٣. شیعرەکانی تاهیر بەگی جاف زیاتر بە دەوری بابەتی دڵداریدا دەخولێنەوە و گوزارشت لە غەم و حەسرەتی شاعیر لە دووری یارەکەی دەکەن، شاعیر هەردەم ئاواتەخوازی بینین وگەیشتنەوەیە بە وەسڵی مەعشوقەکەی،ئەمەش بووەتە شێوازی شاعیر لە شیعرە دڵدارییەکانیدا. جگە لەمە شاعیر لە شیعرە دڵدارییەکانیدا بۆ گوزارشتکردن لە هەست وسۆز و دەروونی خۆی سوودی لە ڕووداو و کەسایەتی و سەرکردە مێژووییەکان و چیرۆکە دڵدارییەکانی پێشوو وەرگرتووە، لەم ڕێگەیەوە گوزارشی لە هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بە یارەکەی کردووە. ئافراندنی وێنەی پێچەوانەش لە شیعرە دڵدارییەکاندا بەشێکە لە شێوازی شاعیر.

شیعری ئاینیش یەکێکە لەو بابەتانەی کە شاعیر شیعری لە پێناویدا هۆنیوەتەوە، شیعرە ئاینییەکانی تاهیربەگ زیاتر بەلای نەعت و یادکردنەوەی پێغەمبەر (د. خ) و یارانی وشێخانی تەریقەتی نەقشبەندی وقادری دەچن.

هزری فەلسەفیش بەشێکە لە بابەتەکانی شیعرەکانی شاعیر و کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفی لە شیعرەکانیدا خستۆتەڕوو، کە ئەم پرسیارانە کۆمەڵێک پرسیاری وجودین و بەردەوام لای مرۆڤ جێگای پرسیار و تێڕامان بوونە.

سەرچاوەکان

ـ بە زمانی کوردی

- دیوانی تاهیر بەگی جاف، کۆکردنەوە و ساغ کردنەوەی (حەسەن گۆران)، چاپی یەکەم، دەزگای رۆشنبیری گۆران، سنندج، ٢٧١١ی کوردی.
- ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردی، عەزیز گەردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی دێکان، سلێمانی، ٢٠٠٨.
- سەروا، عەزیز گەردی، دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.
- شێوازی شیعری جزیری، شعبان چالی، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠٠٨.

ـ بە زمانی عەرەبی

- علم الاسلوب مبادئه و اجرا ءاته، د.صلاح فضل، ط/ الاولى، دار الافاق الجديد، بيروت، ١٩٨٥.

ـ بە زمانی فارسی

- سبک شناسی شعر، سیروس شمیسا، چاپ ٩،انتشارات فردوس، تهران، ١٣٨٢.
- فرهنگ اصطلاحات ادبی ـ سیما داد، انتشارات مروارید، چاپی ٣، تهران، ١٣٧٨.
- کلیات سبک شناسی، سیروس شمیسا، چاپ ٤، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٧٥.
- موسیقی شیعری، د. محمد رضا شفیعی کدکنی،چاپ ٦، انتشارات اگاه، تهران، ١٣٧٧.

الملخص

الاسلوب في الاشعار الكردية لطاهر بك الجاف

هذه الدراسة محاولة لتحديد و بيان الخصائص الاسلوبية التي تميز اشعار طاهر بک الجاف عن اشعار الشعراء الاخرين.

يتكون هذه الدراسة من تمهيد و قسمين، تناول التمهيد مصطلح و مفهوم الاسلوب و انواعه. اما القسم الاول فدرس خصائص الاسلوب على المستوى اللغوي. في حين اختص القسم الثاني بخصائص الاسلوب على المستوى الادبي و الفكري

وقد تم بيان اهم النتائج في نهاية الدراسة.

Kurdish Poetry styles of Tahir Bagi Jaff

Abstract

This research is about “Kurdish Poetry styles of Tahir Bagi Jaff” which is in essence an attempt to analyse stylistic approaches of Tahir Bagi Jaff’s poetry, for which he can easily be distinguished amongst other poets. This research contains a preface and two parts: In preface section, the researcher attempts to shed light on concepts, phrase and poetic styles. In first part, the unique poetic approaches of the poet have been analysed, especially in terms of language. In second section, however, the special approaches by the poet in terms of literature and innovative thinking has been studied. Thus, in the end section, the conclusion of the research is given.